# کیژۆڵانی هەرزەکار و فەرامۆشکردنیان لەلایەن دایکەکانیان



ئا: ڕێزان خەلیل

کاتێک داوا لە کیژۆڵانی هەرزەکار کرا لیستێک بە ناوی ئەوکەسانە بکەن، کە قسەیان لەگەڵ دەکەن و دڵی خۆیان بۆیان دەکەنەوە سەیر لەوەدابوو، کە ناوی دایکان لەکۆتایی لیستەکە دەهات.

ئەم ئەنجامە چاوەڕواننەکراوە لەو لێکۆڵینەوەیە بە دیارکەوت، کە شارەزایانی کۆمەڵایەتی دەربارەی پەیوەندییە کۆمەڵایەکان بە تایبەتی نێوان دایک و کچ ئەنجامیان دا،لە لێکۆڵینەوەکەدا کیژۆڵان پاساویان بۆئەمەی سەرەوە، واتە هاتنی ناوی دایکان لە کۆتایی لیستەکە ئەوە بوو، کە دایکان گوێ لە کچەکانیان ناگرن و قسەیان لەگەڵ ناکەن، بۆیە کیژۆلانی هەرزەکار پەنادەبەنەبەر دەستە خوشکەکانیان، یان تەکنەلۆژیای سەردەم بۆ بەتاڵکردنی ئەوەی بە خەیاڵیان دادێن.

شارەزایانی کۆمەڵایەتی هۆی ئەمە بۆ دووخاڵ دەگەڕێنەوە:

١- لەوە دەترسێن دەربارەی هەندێک شت پرسیاریان لێ بکەن، کە ئەوان واتە دایکان نایانەوێت کچەکانیان بزانن.

٢- یان ناچاربن وەڵامی پرسیارگەلێک بدەنەوە، کە تا ئێستا بە ناڕەوا دەزانرێت بە تایبەتی جنس.

شارەزایانی کۆمەڵایەتی ئەمە بە شاردنەوەی سەر خستنە ژێر خۆڵ دەزانن (دفن رأس فی الرمال،) کە ئەمە هیچ سوودێکی نییە، بەڵکو گرفتەکان ئاڵۆزتر دەکات، بەڵام دیالۆگی لەبار هەرزەکارەکان دەپارێزێت و نایەڵێت هەڵبخلیسکێن و بەلاڕێدابڕۆن. نەخاسمە دەستە خوشک، کە ئەویش هەرزەکارە ئەو شارەزایی و ئەزموونی نییە، کە ئەم ئەرکە لەئەستۆی خۆی بگرێت.

**دایکان سەرقاڵن**یەک لە هەرزەکارەکچەکان دەڵێت: بە بیرم نایەت، لەگەڵ دایکم چ جۆرە گفتوگۆیەکم کردبێت. تاکە شت، کە بۆمنی کردبێت دانانی خەرجیەکانە لەتەنیشت گوڵدانە سەوزەکە، واتە ئەم نازانێت من پێویستم بەوە هەیە قسە لەگەڵ بکەم. ئەم هەرزەکارە لە



قسـەكـانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: بۆیە دەستـە خوشكێكم هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی لە جیاتی دایكم قسەی لەگەڵ بكەم، واتە راوێژكاری پێ دەكەم و گوێی لێ دەگرم و دەربارەی هەموو شتێك قسەی لەگەڵ دەكەم- دوایین مۆدێك، لاوان، خوێندن، بەرنامەكانی تەلەفزیۆن، دوایین ئەلبوومـەكـانی گـۆرانی و كـاتێك رووبەرووی شـتـێك دەبینەوە هیچی لێنازانین پەنا بۆ ئینتەرنێت دەبەین.

بەم جـۆرە سـەبارەت بەمـانە مـاڵ تەنهـا جـێگەی حەوانەویە.

بەڵام سـەیران و دەستە خوشكەكانی لەسەر ئەوە كۆك بوون، كە «دایكیان بە بەردەوامی سەرقاڵە» لەگەڵ ئەوەی هۆكـارەكـانی سـەرقـاڵی دایكـیـان جـیـاواز بوو. شـەنگە دەڵێت: دایكم مـامـۆسـتـای زانكۆیە و كـارەكـەی هەمـوو كـاتـەكـانی داگـیـركـردووە و مـاڵیش بۆ ئەم تەنهـا وەك شوێنێكی پشوودانە، بەڵام نەشمیل دەڵێت:

دایكم بە پاككردنەوەی ماڵ و چاودێریكردنی خوشك و برایەكانم و باوكمان خەریك دەبێت.

بەم جۆرە دایكی سەیران و نەشمیل سەرقاڵن، یان لە دەرەوەی ماڵ، یان لە ناوەوەی، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنج راكێشانە راڤەكردنی پەیمانە بۆ سەرقاڵییەكانی دایكی و وایلێكردووە نەتوانێت گـوێی لێـبـگرێت دایكی بە قـاچەكـانـیـیـەوە خەریكە، چونكە ئەم نزیك بۆتەوە لە (٤٠) ساڵی و ئەمەش نیگەرانی كردووە. بۆیە دەڵێت:

دایكم بە بەردەوامی دەچێـتـە بنكەكـانی لەشـولاری و جوانكاری و بازاڕ بۆ ئەوەی بچوكتر بە دیار بكەوێت.

بەڵام من لە دوایین پەیژەی بایەخەكانیم.

لەگەڵ هەمـوو ئەمـانەشدا كـچـەكـان دایكیـان خۆش دەوێت.

**گفـتـوگۆ زەرووره** گفـتـوگۆ لە نێـوان دایك و كـچە هەرزەكـارەكـەی رۆڵێكی بنچـینەیی هەیە وەك راپۆرتەكـەی تایبـەتمەندانی دەروونزانی ئامـاژەی بۆ دەكـەن، چونكە دیالۆگ جـیـاوازی تەمـەن لە نێـوان دایكان و كـچان كـەمدەكـاتەوە و یارمـەتی كـیـژۆڵان دەدات بڕوایان بە خۆیان پتەو بێت و سەر بەخۆییان بۆ دێنێـتـە دی. هەر وەك دایكان لە كـچـەكـانیـان نزیك دەكاتەوە و ئاگاداری خەم و گرفتەكانیان دەبن. ئەمەش وایان لێـدەكـات لە كـاتی پێـویسـتـیـدا بە خـێـرایی بە هانایانەوە بچن. بەپێچەوانەوە شارەزایانی دەروونزانی پێـیـان وایە كچە هەرزەكـارەكـان زیانێكی زۆریان پێ دەگـات. ئەمـە جگە لەوەی نزیك بوون لە دایك پاڵپشـتـیـیـەكی بە هێزە بۆ گەشەكردن و هەستكردن بە چەپاندن و نیگەرانی و ترس ناهێڵێت.

بۆیە واچاكـە دایكان دووربكەونەوە لە چەمكە هەڵەكان، كە دیارترینیـان لە قسەی بریندارکەر، یان گاڵتەكردن بە قسەی هەرزەكارەن و زۆر قسەپێبڕینیان و گوێ پێنەدانی و دەركردنی حوكمی پێش وەختە بەرلە تەواو بوونی قـسـەكـردن لەگـەڵیـدا. هەروەها نابێت راستەوخۆ تاوانبار و سەرزەنشت بكرێن و قسەی خراپ لە بەرامبەریان بەكار بێت.

شارەزایان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، كە تەكنەلۆژیای سـەردەم وەك كـۆمـپـیـوتـەر و مـۆبایل دایك و كـچی لێككردووە بۆیە ئاگاداری دایكان دەكەنەوە، كە وابكەن بە بەردەوامی كـچەكـانیـان هەست بكەن، كە مـاڵیـان پەناگەی ئارامە بۆ رووبەرووبوونەوەی گرفتەكانی، كە رۆژانە دووچاری دەبن.